### لای

# میوزیسیۆن و دانەری موزیکی کوردی

## ئاواز و ڕستە مێلۆدییەکان لە ئاست هەست و ڕووداوەکاندا نین

پێشڕەو بابان

**هەڵبەتە من لێرەدا تەنیا مەبەستم کوردی نییە بگرە زۆر لە میللەتانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە، بەڵام من وەکو کوردێک لەسەر ئاواز و مێلۆدی کوردی دەوێم و دەمەوێت تیشکێک بخەمە سەر هەندێ لایەنی گرینگ لە هونەری موزیک و، ئاشکرای بکەم بۆ ڕۆشنبیران و هونەرمەندانی کورد کە ئێمە وەکو کورد تا ئێستا نەمانتوانیوە ئاواز و ڕستە مێلۆدییەکانمان (الجمل الموسیقیة) لە ئاستی ڕووداو و قووڵاییی هەست و فیکری و فەلسەفی بێت و، بچێتە قووڵاییی هونەری موزیکەوە. یان هەر زیاتر مامەڵەیەکی سۆزی و شروستیی سادەی لەگەڵدا دەکەین.**

بەبۆچوونی نووسەری ئەڵمانی **هێرمان هیسە** جەوهەر یاخۆ ناوەڕۆکی کولتووری میللەتانی ڕۆژئاوا موزیکی کلاسیکییە، واتە ئامانجی هونەر بەگشتی لە کۆتاییدا ئەوەیە، کەمکردنەوەی بەربەرییەت لەلای مرۆڤ و مشتومالکردنی خووڕەوشتە، جا ئایا بەگوێرەی ئەم بۆچوونانە ئێمەی کورد توانیومانە لە ڕێگای موزیکەوە هیچ بگەیەنینە مرۆڤی کورد و کۆمەڵگای کوردی.

ئاشکرایە کە لە هەموو کات و سەردەمێکدا ڕووداوی سەردەم و ئاڵۆزی ژیان، کۆمەڵێک هەستی نائارام و ئازاری دەروونی لە ناخی هەموو مرۆڤێکدا جێ دەهێڵێ بەڕێژەی جیاواز جیاواز، کەم تا زۆر و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کار لە کۆمەڵگا دەکات. هونەرمەندان و ڕۆشنبیران و ئەدیبانی کۆمەڵگا وەکو چینێکی بەئاگا زیاتر لە مرۆڤێکی ئاسایی هەست بەو ڕووداوانە دەکەن و هەوڵ دەدەن لە ڕێگای نووسین و تابلۆ و شانۆ و موزیکەوە ئەو هەستە دەربڕن، جا ئایا بەنووسینی بابەتێک یان چیرۆکێک و ڕۆمانێک لە ڕێگای وشەوە یان تابلۆیەک لە ڕێگای ڕەنگ و هەر شێوازێکی وێنەکێشان و پەیکەرتاشییەوە یان پارچەیەک نمایش یان فلیمێک یان ئۆپەرێتێکەوە یان پارچەیەک موزیک لە ڕێگای تۆن و مێلۆدییەوە، من لێرەدا تەنیا باس لە هونەری موزیک دەکەم و دەمەوێت باسێکی ئەکادیمی و جەوهەری لەسەر ئەوە بکەم کە ئێمەی کورد تا ئێستا زیاتر ئاواز و ڕستە مێلۆدییەکانمان لەسەر شێوازێکی سۆزییە و فۆرمێکی سادەی هەیە، کە باس لە قووڵای ڕووداو و کارەساتەکان ناکات بەشێوەیەکی چڕوپڕ و ناچێتە قووڵاییی دەنگە سروشتییەکان و هەستی ڕاستەقینەی مرۆڤەوە، یاخۆ بڵێین کە زۆر فیکری و بابەتی نین. ئەویش

به بۆچوونی من هۆیەکەی دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە زۆر لە دانەر و میوزیسیێونەکانی کورد تا ئێستاش زانیارییەکی زۆر کەم و سادەیان لەسەر هونەری موزیک و پێوەندیی موزیک بەژیان و بیر و هۆشی مرۆڤەوە، هەروەها بەسروشت و بەشەکانی تری هونەر و ئەدەبەوە هەیە، یاخۆ زۆر گرنگی نەدراوە بەلایەنی بابەتی و سایکۆلۆجی و فەلسەفی و دەروونی و روحیی ئەو لایەنەوە، پاشان ناسنامە و کەسایەتیی زۆر لە ئامێرە موزیکییەکان نەناسراوە بەتەواوی لای دانەر و میوزیسیونی کورد، بۆیە بەپێی پێویست بەکار نەهاتوون لە ئاواز و دانانی مێلۆدیی کوردیدا.

ئەگەر بەقوولی سەیرێکی مێژووی هونەری موزیک بکەین وگوێیەک بگرین لەو مێلۆدی و پارچە موزیکانەی کە نووسراون لە سەردەمە جیاجیاکانی موزیکدا، زۆر بەئاشکرا هەست بەو گۆرانکارییانە دەکرێت کە بەسەر موزیکدا هاتووە و چۆن فۆرم و رەنگ و مێلۆدی و ریتم و هارمۆنی و بیرۆکەی بابەتەکانی گۆرانکارییان بەسەردا هاتووە، پاشان دین و سیاسەت و ئیکۆنۆمی و ئاستی رۆشنبیریی کۆمەڵگا و سروشت و کارەساتە سروشتییەکان و باری دەروونیی دانەر و میوزیسیۆنەکان کاریگەرییەکانی زۆر راستەوخۆی هەبووە بۆ ئەوەی ئەو گۆرانکارییانە بەسەر موزیکدا بێت بەگوێرەی کۆمەڵگا و کات و جێگە.

**تۆن و ریتم یاخۆ (دەنگ و ئیقاع).**

لە هونەری موزیکدا دوو کۆڵەکەی گرنگ و سەرەکی هەیە ئەویش (تۆن و ریتم)ە یاخۆ دەنگ و ئیقاع، کە دانەری موزیک مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات بۆ دروستکردنی پارچەیەک مێلۆدی یان ئاوازێک و هەر فۆرمێکی موزیک و شێوازێکی موزیک. پاشان هارمۆنی و دابەشکردنی بۆ دادەنرێت و فۆرم و شێوازی بۆ دیاری دەکرێت بەگوێرەی ئامێر و رۆڵی بەشداربوونیان لە کارە موزیکییەکەدا. هەروەها چەند لایەنێکی گرنگ هەیە کە دەبێت چاودێری بکرێن لە کاتی دانانی هەر فۆرمێکی موزیک ئەوانیش: شێوازی ئاواز، مێلۆدی، هارمۆنی و، ریتمە کە سێ بەشی یەکەم پێوەندییان بەتۆن یاخۆ دەنگەوە هەیە و بەشی کۆتایی بەریتمەوە یاخۆ بەئیقاعەوە. لە هەمان کاتدا تۆن لە موزیکدا پێوەندییەکی راستەوخۆ و راستەقینەی بەدەنگی مرۆڤ و باڵندە و ئاژەڵ و سروشت و گێتییەوە هەیە، دروستکردنی ئامێری موزیک لەسەر ئەو بنچینانە بووە لە سەرەتاوە، بۆیە ئامێرە موزیکییەکان بەگوێرەی مەودای دەنگی و بەرز و نزمیی دەنگەکان دروست کراون لەبەرئەوە هەموو دەنگەکان لە ئامێرێکدا کۆ نەبوونەتەوە لە سەرەتادا، پاشان هەر ئامێرێک رەنگێکی دەنگیی تایبەتی خۆی هەیە، نموونەکانیش زۆرن بەڵام بەکورتی بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێت سرودێکی نیشتمانی یان مارشێکی سەربازی لێ بدەین پێویستیمان بەچەند ئامێرێکی فوداری دەنگ بەرز و بەهێز دەبێت وەکو ترامپێت، ترامبۆن، هۆرن، فۆنیۆم، بەسوون، کە دەنگیان سەدایەکی دوور و درێژی هەیە، هەروەها بەدەنگی ئامێری ریتمی وەکو تیمپەنی، سەنج، دەبێت تاکو بتوانێت کەشێکی تەواو بۆ مارشێکی سەربازی دروست بکەین. یان بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێت پارچەیەک موزیک یان مێلۆدییەک بنووسین کە پێوەندیی بەجوانیی سروشت و دەنگی باڵندە و نمەی بارانەوە هەبێت، ئەو کاتە بێگومان پێویستیمان بەدەنگی ئەو ئامێرانە دەبێت کە مەدای مەدای دەنگییان لەگەڵ سروشت و باڵندە و باراندا دەگونجێت بۆ دروستکردنی ئەو ئەتمۆسێفرە،

بۆ نموونە ئامێری فلووت، ئۆبۆ، ڤیۆلین، هارب، چەلۆ و، هەندێ ئامێری تر کە مەدای دەنگییان دەگونجێت بۆ بەکارهێنانیان لە دروستکردنی ئەو ئەتمۆسفێرەی کە نزیکمان دەکاتەوە لە هەستکردن بەجوانیی سروشت و نمەی باران و دەنگی باڵندە و هەستی رۆمانسی.

بەگوێرەی ڕوداو و هەست و کات و بابەت، شێوەی بەکارهێنانی ئامێرەکان لە دانانی موزیک و مێلۆدیدا دەگۆڕێن، واتە هەموو ئامێرێکی موزیک لە لای دانەری موزیک دەبێت ڕۆڵی خۆی هەبێت ئەگینا ئەو پارچە موزیکە یان مێلۆدییە بێ ناوەرۆک و بێ دەنگ دەبێت. پاشان بێ ناونیشان و فۆرم دەبێت و سەخت دەبێت بۆ پێناسەکردن و شیکردنەوەی زانستی و هزری و فەلسەفی.

بەبۆچوونی من زۆر لە موزیک ناسەکانی جیهان و هونەرمەندان، ئاشکرایە لە لایان کە هونەری موزیک وەکو بەشەکانی تری هونەر نییە، کە بەشێوەیەک لە شێوەکان پێوەندییەکی نزیک یاخۆ زیندوویان هەیە و دەتوانن لە ڕێگای بینین و جوڵە و ڕەنگ و وشەوە راستەوخۆ یان با بڵێین ئاسانتر ڕووداو و بابەتەکان بگەیەننە مرۆڤ و ئەو هەستەی لا دروست بکەن کە دەیانەوێ چ بڵێین و چ دەربڕن و شێوەیەک یان ڕەنگێکی ڕووداو و هەست و بابەتەکەیان بگەیەننە مرۆڤ ئەگەرهاتوو مرۆڤ بەئاگا بوو و زانیاریی هەبوو لەبارەی هونەرەوە، بۆی ئاسانتر دەبێت، بەڵام مووزیک پێوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە بەهەستی بیستنەوە و تەنیا بەدەنگ و ڕیتم دەتوانرێت ڕووداو هەست و بابەتەکان بگەیەنێتە لای گوێگر، لەبەرئەوە بەبۆچوونی من کاری دانەری موزیک زۆر قورستر و چرتر دەبێت تاکو بتوانێت هەستێک، ڕوداوێک بابەتێک، لای مرۆڤ دروست بکات و ئەتمۆسفێرێکی بۆ بخوڵقێنێت تاکو لە ڕێگای دەنگ و ڕیتمەوە نزیک ببێتەوە لە ناوەڕۆکی بابەت و ڕووداوەکە، بۆیە کاری دانەری موزیک کارێکی ئاسان و سادە نییە، دەبێ دانەری موزیک شارەزاییەکی تەواوی لە ناسینی ئامێرە موزیکیەکان و مەودای دەنگی و ڕەنگی و کەسایەتی و شێوەی بەکارهێنانیان هەبێت تا ڕادەیەک بۆ مەبەستی بەکارهێنانیان لەگەڵ یەکتردا.

تێ نەگەیشتن لە تۆن و ڕیتم و هەڵبژاردنی شێواز و فۆرم لای دانە رو میوزیسیون وەکو ئەوە وایە کە چیرۆکێک، ڕۆمانێک، پارچەک هۆنراوە بنوسرێت بە بێ ناونیشان و ناوەڕۆک و بیرۆکە، بۆیە زۆر زەحمەت دەبێت بۆ خوێنەر بتوانێت لێی تێ بگات، پاشان هیچ جۆرە وێنەیەکی لەسەر بابەتەکە لا ئاشکرا نابێت، بۆیە بەهەمان شێوە ئەگەر پارچەیەک موزیک شێوازی ئاواز و ڕیتم و سکێڵ (مقام) و فۆرمی لەسەر پنچینەیەکی زانستی نەبوو ئەوا ئەو کاتە هەڵبەتە بێ ناوەڕۆک و بێ ناونیشان و بیرۆکە و سادە دەبێت لە ڕووی هونەرییەوە، لەبەرئەمە زۆر گرینگە کە دانەر و میوزیسیۆن زۆر بە وردی لە تۆن و ڕیتم بکۆڵنەوە و پاشان زانیاریی خۆیان زیاتر بکەن لەبارەی مێژووی موزیک و تیۆری و شێوازی هەڵبژاردنی مێلۆدی و ڕیتم و فۆرم بۆ کارەکانیان، پاشان دابەشکردن و هارمۆنیی گونجاو لەسەر بنچینەیەکی زانستی بۆ ئەو ئامێرانە بنووسن کە بەگوێرەی ڕۆڵی بەکارهێنان لە کارەکانیاندا دەردەکەون و دەبیسترێن بۆ ئەوەی وەکو هەموو شێواز و فۆرمێکی ئەدەبی (سەرەتا و ناوەڕۆک و کۆتایی)، فیکری و بابەتی و هەروەها فەلسەفی هەبێت، لە ڕاستیدا زۆربەی زۆری کۆمپۆزەرە

(المؤلف) جیهانییەکان کاتێک کە پارچەیەک موزیک یان سیمفۆنیەک، سۆناتایەک، هەر فۆرمێکی تر لە موزیک یان مێلۆدییەکیان نووسیوە دابڕاو نەبووە لە بابەتی فکری و فەلسەفی و ئەدەبی، پاشان زۆر بە وردی لە تۆن و ڕیتمیان کۆڵیوەتەوە و ئاگاداری شێوەی بەکارهێنانی مەدای دەنگەکان بوون.

واتە چینە سەرەکییەکان دەبن بە چوار بەشەوە (باس، تینۆر، ئاڵتۆ، سۆپران)، هەروەها ئەو چوارەش دەبن بە چەند بەشێکی ترەوە و دابەش دەبن بەسەر مەدای دەنگی و ڕەنگیی هەریەک لە ئامێرەکانەوە، تێکەڵ کردنی ئەم چینە دەنگییانە و دابەشکردنیان بەسەر ئامێرەکاندا بەشێوەیەکی زانستی ڕەگی جیاواز جیاواز دروست دەکات و دەبنە هارمۆنی لە کاتی دابەش کردندا، هەر چینێکیش ڕەنگ و دەنگێکی تایبەتی خۆی هەیە و دەتوانرێت مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و، دابەش بکرێن بەسەر ئامێرە موزیکییەکاندا بۆ هەست دەربڕین بۆ نموونە، لە بابەتێک هەستێک، ڕووداوێکی تراجیدی، فەنتازیایەک، ئاریایەک (گۆرانی)، سەمایەک، ڕۆمانسێک، قەسیدەیەکی شیعری، مارشێکی(سەربازی یان جەنائزی)، ئەناشیدی دینی...... هتد، یاخۆ هەر شتێک پێوەندیی بەسروشت و مرۆڤەوە هەبێت.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە و چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ تۆن و ڕیتم و دابەشکردنی چینە دەنگییەکان بەسەر ئامێرەکاندا بۆ مەبەستی بەکارهێنانیان بۆ دەربڕینی هەستێک یان بابەتێک، لێرەدا بەزمانێکی سادە و بێ بەکارهێنانی زۆر لە وشە لاتینییەکان و نەبیستراو لای خوێنەر دەمەوێت باس لە کارێکی جیهانیی بەناوبانگ بکەم کە دڵنیام زۆر لە ڕۆشنبیران و ئەدیبان و ئارەزوومەندانی موزیک گوێیان لێ بووە، ئەویش کارەکەی کۆمپۆزەری (المؤلف) ئیتالی (ئەنتۆنیۆ ڤیڤالدی) بەناوبانگە کاتێک کە کۆنسێرتۆی (الفصول الاربعة) چوار وەرز دەنوسێت کە پێک هاتووە لە چوار کۆنسێرتۆ یاخۆ بەشی سەرەکی و هەر کۆنسێرتۆیەک لە سێ جووڵەی جیاواز پێک هاتووە، پاشان هەر کۆنسێرتۆیەکیش تەعبیر لە یەکێک لە وەرزەکانی ساڵ دەکات و زۆر پسپۆرانە و لێهاتووانە چینە دەنگییەکان بەسەر ئامێرە ژێدارەکاندا دابەش دەکات و بەگوێرەی دەرکەوتن و ڕۆڵیان بەکاریان دەهێنێ و هارمۆنی و مێلۆدیی جیاجیایان بۆ دەنووسێت بۆ تەعبیرکردن لە کەشی هەر چوار وەرزەکەی ساڵ، کە چۆن لە جووڵەی یەکەمی کۆنسێرتۆی یەکەمدا واتە بەهار یاخۆ لاپریمە ڤێرا بە ئیتاڵی بەکەشتیی بەهاری و دێهاتی دەست پێ دەکات کە هەموو ئامێرە ژێدارەکان بەشدارن بە ڕیتمێکی دڵخۆش و نەرم و سەماییی تۆزێ خێرا (ئەلێگرۆ). پاشان بەدەنگی ڤیۆلین (کمان)ی (سۆڵۆ) یاخۆ تەنیا (منفرد) لەگەڵ هاوەڵیکردنی دوو دەنگی ڤیۆلینی تر دەبێت بەشێوەیەکی هارمۆنی لەسەر چینەی دەنگی سۆپران گوێمان لە جریوەجریوی بولبول و باڵندە بچکۆلەکان دەبێت کە ئەویش لە نێوانیاندا گفتووگۆ دەکەن و سەما دەکەن بەسەر ئاسمانی دێدا، هەروەها لەناکاو هەروەکو چۆن هەورەتریشقەی بەهار و بارانی ناوەخت، گوێمان لە هەموو ئامێرە ژێدارەکان دەبێت کە بەیەکەوە بەڕیتمی خێرا و دەنگی بەهێز بەشێوازی (ترێمۆڵۆ) بەیەکەوە تەعبیر لەو هەورە تریشقەیە دەکەن بۆیە کتوپڕ ئێمە وەرزی بەهارمان دێتە پێش چاو و، هەست بەهاتنی وەرزی بەهار و جوانیی سروشت دەکەین، پاش کەمانی (سۆڵۆ)

دەست دەکاتەوە بە گۆرانیی باڵندە بەهاوەڵکردنی ئامێرە ژێدارەکانی تر، بەڵام لە جووڵەی دووەمی کۆنسەرتۆی یەکەمدا بە ڕیتمی لەسەرخۆ و هێواش (لارگۆ) بە ئیتاڵی دەست پێ دەکات، کە گەڵای دارەکان بەهێواشی شەماڵی بەهار دەیانجووڵێنێت و کاتی پشوودانی شوان و مەڕوماڵاتە کە ڤیۆلینی یەکەم و دووەم بەڕیتمێکی لەسەرخۆ تەعبیر لە جووڵاندنەوەی گەڵای دار و درەخت دەکەن، ناوبەناوێکیش گوێمان لە وەڕینی سەگ دەبێت ک ئامێری ڤیۆلا بەدەنگێکی بەئاگا و هۆشیار دەڵێت (وە، و، وە، و) واتە من بە ئاگام، لەم کاتەشدا شوان نووستووە و لە قووڵاییی خەوی خۆیدا بۆیە ئامێری ڤیۆلینی (سۆلۆ) بە مێلۆدییەکی نەرم و هێواش و لەسەرخۆ لەگەڵ هاوەڵکردنی ئامێرەکاتی تر مێلۆدیی خۆی دەچڕێ، بەڵام دیسانەوە لە جووڵەی سێیەمی کۆنسەرتۆی یەکەمدا دوای پشوودان و هیلاکی دەرچوون بە ڕیتمێکی خێرا (ئەلێگرۆ) و سەمایی دێهاتی (دانسە پاستۆراڵی) دەست پێ دەکاتەوە دووبارە کە هەموو خەڵکی دێ بەشداریی تێدا دەکەن و کوڕەلاو دەستی کچەلاو دەگرێت و دەست دەکەن بەسەمای دێهاتی تا هیلاک دەبن، بەم شێوەیە کۆتایی بە کۆنسەرتۆی یەکەم دێت کە لە بای وەرزی بەهار دەکات. ئەمە کورتە باسێک بوو لەسەر کارەکەی (ئەنتۆنیر ڤیڤالدی) بەناوبانگ، هەوڵ ئەدەم لە نووسینێکی تردا بە چڕوپڕی باس لە (کۆنسێرتۆ)ی هەر چوار وەرزەکەی بکەم.

لە ڕاستیدا لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کەوا (ئەنتۆنیو ڤیڤالدی) توانیویەتی ئەو هەستە لای گوێگر دروست بکات کە باس لە هاتنی وەرزی بەهار دەکات ئەو وێنەیەمان لەلا دروست بکات کە دەنگ و ڕەنگی وەرزی بەهار چۆنە، هەر بۆیە ئامێری ڤیۆلینی بەکارهێناوە بۆ تەعبیرکردن لە دەنگی باڵندە بچکۆلەکان، چونکە لە ڕاستیدا دەنگی باڵندە بچکۆلەکان زۆریان لە مەودای (سۆپران)دایە هەروەها بۆیە ئەویش دەنگی ئامێری ڤیولینی بەکارهێناوە، لەبەرئەوەی ئامێری ڤیۆلین گونجاوترین ئامێری موزیکە بە دەنگ و ڕەنگ و چینی دەنگی کە تەعبیر لە دەنگی باڵندە بکات، بۆیە پەنای نەبردووە بۆ نموونە ئامێری (چەلۆ یان کۆنتراباس) بەکار بهێنێ چونکە ئەو ئامێرانە لە چینەی دەنگی (باس)ن و ڕەنگ و قەبارەی دەنگییان ناگونجێت لەگەڵ دەنگی باڵندە بچکۆلەکاندا، ئەمەش لە ڕاستیدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە (ئەنتۆنیۆ ڤیالدی) وێنەی تەواوی هەبووە لەسەر وەرزی بەهار، توانیویەتی وێنە و ڕەنگ و دەنگی وەرزی بەهار، لە ڕێگای تۆن و ڕیتم و بەکارهێنانی چینە دەنگییەکان و دابەشکردنیان بەسەر ئامێرەکاندا بگەیەنێتە لای گوێگر و ئاشکرا بکات کە موزیک بەشێکە لە ژیان و سروشت، ئەوەش بەشێکە لە جەوهەری موزیک و پاشان عەبقەرییەت و داهێنانی ئەو کۆمپۆزەرە (دانەر)ە دەردەخات.

لە ڕاستیدا ئەمە تەنیا نموونەیەک بوو بۆ باسکردن لە سەر ئەوەی کە چۆن دانەری موزیک تەعبیر لە هەستی خۆی دەکات بەرامبەر بە سروشت، جا لەبەرئەوە دانەری کورد پێویستییان بە هەوڵدانێکی زۆرە تا وەکو هێندی دانەر و میوزیسیۆنە جیهانییەکان لە ناوەڕۆک و جەوهەری موزیک بگەن!!

وەکو لە سەرەتادا باسم کرد موزیک لای ئێمە تا ئێستاش هەر شێوازێکی سادە و سۆزی هەیە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە میللەتانی پێشکەوتوو چەند سەدەیەک لە پێش ئێمەوەن لە ڕووی فیکر،

فەلسەفە، ڕۆشنبیری و هەروەها تەکنەلۆجیاوە، بۆیە زۆر گرنگە هەوڵ بدەین زانیاریی خۆمان زیاد بکەین و بەدوای بابەت و ئەو نووسینانەدا بگەرێین کە پێوەندییان بەمێژووی موزیک و ئەدەب و هونەرەوە هەیە، پاشان هەوڵ بدەین زیاتر شارەزای تۆن و ڕیتم و ڕەنگ و دابەشکردن بین و، ئامێرە موزیکییەکان زیاتر بناسین و بزانین بۆ چ مەبەستێک بەکاریان دەهێنین لە کارەکانماندا، بۆ ئەوەی موزیک لای ئێمە کوردیش وەکو میللەتانی جیهان شێوازێکی بابەتی و فیکری و فەلسەفیی هەبێت و، بتوانێت زیاتر و پسپۆرانەتر هەستی خۆمان دەربڕین کاتێک پارچەیەک موزیک یان مێلۆدییەک دەنووسین بۆ کۆمەڵێک ئامێری موزیک. لە ئەوروپا و وولاتە پێشکەوتوەکاندا لە زۆر نەخۆشخانەی دەروونی موزیک وەکو شێوازێک بەکار دەهێنن بۆ چارەسەرکردنی باری دەروونیی هەندێ لە نەخۆشەکان، هەروەها لە هەموو شار و شارۆچکەیەک قوتابخانەیەکی تایبەتی هەیە بۆ خوێندنی موزیک و فێربوونی ئامێری موزیک بۆ گەوەرە و بچووک.

لە کۆتاییدا دەمەوێت بڵێم کە موزیک پێوەندیی بە بوونی گێتی و زەمین و سروشت و مرۆڤەوە هەیە هەروەکو چۆن گۆستاو هۆڵست باس لە پلانێتەکان دەکات (هەسارەکان) یاخۆ لۆدڤیچ ڤان بێتهۆڤن باسی سروشت و دێهات و شوانکارەیی دەکات لە سیمفۆنیای ژمارە شەشدا پێی دەڵێن سیمفۆنیای دێهاتی یاخۆ بە عەرەبی (السیمفونیة الریفیة)، هەروەها ڕیتشارد شتراوس کە چۆن باس لە بابەتی فیکری و فەلسەفی دەکات لە سیمفۆنیای (ئاوەها زەردەشت دەدوێت) کە باس لە نووسینە بەناوبانگەکەی فەیلەسوفی ئەڵمانی (فریدریک نیچە) دەکات کە دەڵێت (زەردەشت وا ئاخاوت)، یاخۆ چۆن ڕۆمسکی کۆرساکۆف لە سیمفۆنیای شەهرەزاددا باس لە چیرۆکەکانی (هەزار و یەک شەوە) دەکات کە شەهرەزاد دەیگێرێتەوە بۆ شەهرەیار. نموونە زۆرن کە باسیان بکەین بەڵام بەم چەند نموونەیەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە موزیک پێوەندیی بەزۆر لایەنی گرینگی ژیانی مرۆڤەوە هەیە، هەر بۆیە ڕۆح و بیر و هۆشی مرۆڤ بە موزیک زیندوو دەبێتەوە.

٢٠٠٥/٥/٢٥ کۆپنهاگن- دانیمارک

**مانای هەندێ لە وشە ئیتالیایی و لاتینییانەی کە لەم نووسینەدا بەکارهاتوون.**

**باس، تینۆر، ئاڵتۆ، سۆپران:** چینە دەنگییە سەرەکییەکانی موزیکن، لە دەنگی نزمەوە بۆ دەنگی بەرز.

**کۆنسێرتۆ** : فۆرمێک یاخۆ پارچەیەک موزیکە کە زۆربەی کات لە سێ جووڵەی سەرەکی پێک دێت، پاشان دەنووسرێت بۆ ئامێرێکی سۆلۆ یاخۆ تەنیا بە هاوەڵکردنی ئۆرکێسترا یان ئامێری پیانۆ.

**دانسە پاستۆراڵی:** سەمایەکی دێهاتی یاخۆ شوانییە.

**لارگۆ:** ڕیتمێک یاخۆ ئیقاعێکی زۆر خاو.

**ئەلێگرۆ:** ڕیتمێک یاخۆ ئیقاعێکی تۆزێ خێرا و بەجۆش

**ترێمۆلۆ:** پێوەندیی بەشێوە بەکارهێنانێکی کەوانیی ئامێرە ژێدارەکانەوە هەیە کە زۆر بەخێرایی لەسەر ژێکان جوڵەی پێ دەکەن.

**میوزیسێون:** موزیکژەن

**کۆمپۆزەر:** دانەری موزیک یاخۆ موئەلف

**ڤیۆلین:** ئامێری کەمان

**ڤیۆلا**: ئامێرێکە تۆزێک لە ڤیۆلین گەورەترە و بەدەنگیش تۆزێ لە ڤیۆلین دەنگی گڕترە لەبەر جیاوازیی ژێکانیان.

**ئەتمۆسفێر:** بەمانای کەش و هەوا یاخۆ جەو دێت.